## **نشئه‌ت محه‌مه‌د** سكرتێری گشتیی حیزبی ویفاقی دیموكراتی كوردستان ـ سووریا:

# ئێمه جه‌خت له‌سه‌ر ئه‌وه ئه‌كه‌ینه‌وه كه سوورین له‌سه‌ر دۆزینه‌وه‌ی چاره‌سه‌رێكی دیموكراتی ئاشتیخوازانه بۆ مه‌سه‌له‌ی كورد له سوریا

ده‌قی ئه‌و دیمانه‌یه‌ی كه رۆژنامه‌ی (ویفاق) له‌گه‌ڵ ڕێزدار نشئه‌ت محه‌مه‌د سكرتێری حیزبی ڕێكه‌وتنی دیموكراتی كوردستانی - سوریا دا كردویه‌تی

**ویفاق:** سه‌ره‌تا پیرۆزباییتان لێ ئه‌كه‌م به‌بۆنه‌ی كۆتاییهاتنی كاره‌كانی كۆنگره‌ی ئاسایی سێیه‌متان به سه‌ركه‌وتوویی.

**نشئه‌ت محه‌مه‌د:** سوپاس بۆ ئێوه و په‌یمان به گه‌لی كورد ئه‌ده‌ین كه به‌رده‌وام بین له خه‌باتی دیموكراتیی ئاشتیخوازانه تاوه‌كو ویست و ئاواته‌كانی گه‌لی كورد دێنه دی.

**ویفاق:** ئێوه كۆنگره‌كه‌تان له ١٧/٢/٢٠١٠ دا به دانیشتنێكی ده‌ستپێك و ئاماده‌بوونێكی ره‌سمی ، ئایا هیچ په‌یامێكتان هه‌بوو كه بتانه‌وێت بیگه‌یه‌نن ؟

**نشئه‌ت محه‌مه‌د:** ئێمه ئه‌ڵێین رۆژی ١٧/٢/٢٠١٠ بۆ ڕێكه‌وتن مانای رۆژی ماته‌مینییه بۆ شه‌هیدبوونی دامه‌زرێنه‌ر و بیردۆزی ڕێكه‌وتنی (هاوته‌بایی) هه‌ڤاڵ كمال شاهین كه هه‌ر به‌ته‌نیا به مه‌به‌ستی شه‌هیدكردنی ئه‌و هه‌ڤاڵه نه‌بوو به‌ڵكو له هه‌مان كاتدا بۆ له‌ناوبردنی ڕێكه‌وتنیش بوو وه‌ك ڕێباز و ستراتیژییه‌ك كه له كه‌سی ئه‌و هه‌ڤاڵه‌دا به‌رجه‌سته بوو. ئێمه‌یش به‌تایبه‌ت هه‌ڵبژاردنی ئه‌و رۆژه بۆ جه‌ختكردنه له‌سه‌ر ئه‌و ڕێبازه‌ی شه‌هید و به‌رده‌وام بوون له‌سه‌ر ئه‌و ڕێیه‌ی كه ئه‌و ده‌ستیپێكرد. هه‌ر له‌ڕێی هه‌ڵبژاردنی ئه‌و رۆژه‌وه ئێمه‌په‌رده‌مان له‌سه‌ر ده‌سته چه‌په‌ڵه‌كان و رووه ره‌شه‌كان هه‌ڵماڵی .

**ویفاق:** گرنگترین ئه‌و هه‌ڵسه‌نگاندنه سیاسیانه چین كه سه‌باره‌ت به بارودۆخی سوریا كۆنگره‌كه‌تان گه‌یاندیه ئه‌نجام؟

**نشئه‌ت محه‌مه‌د:** له‌راستیدا كۆنگره‌كه له به‌رواری ١٧/ ٢ تا ١٩/٢ به ئاماده‌بوونێكی ره‌سمی و جه‌ماوه‌ری له هۆڵی شه‌هید ئیبراهیم ئه‌حمه‌د به‌سترا و به ئاماده‌یی‌یه‌كی فراوانی راگه‌یاندن له‌لایه‌ن ئاژانسه‌كانی راگه‌یاندنه‌وه كه تیایدا راپۆرتی سیاسی گفتوگۆی له‌سه‌ر كرا . بێگومان له‌و ماوه‌یه‌ی كه دوابه دوای كۆنگره‌ی دووه‌م تێپه‌ڕی رژێمی سوریا سیاسه‌تێكی په‌یڕه‌وكرد كه ره‌نگدانه‌وه‌ی بیركردنه‌وه و عه‌قڵیه‌تی ئه‌و رژێمه بوو سه‌باره‌ت به بارودۆخه سیاسیه‌كان له‌ڕێی به‌رده‌وامبوونیه‌وه له‌سه‌ر په‌یڕه‌وكردنی ئه‌و میكانیزمانه‌ی كه بوونه‌ته به‌شێك له تایبه‌تمه‌ندیه‌كانی و ناتوانێت ده‌ستبه‌رداریان بێت كه ئه‌ویش بریتییه له سه‌ركوتكردنی ئیراده‌ی گه‌لی سوریا و كپكردنی ئه‌و توێژه هه‌ڵبژارده سیاسی و رۆشنبیرییه‌ی كه نوێنه‌رایه‌تی خواستی راسته‌قینه‌ی گه‌لی سوریا ئه‌كات ، هه‌روه‌ها فشارێكی یه‌كجار زۆرمان بینی كه ده‌كرێته سه‌ر هێزه دیموكراتخوازه‌كان و لێدانی ئۆپۆزیسیۆن وله‌و ڕێیه‌شه‌وه هه‌وڵدان بۆ ڕێگرتن له بڵاوبوونه‌وه‌ی چه‌مكه‌دیموكراتییه‌كان و چه‌سپاندنیان له سوریادا.

بێگومان ئه‌وه‌ی باسكرا تایبه‌ته به سیاسه‌تی ناوخۆوه ، به‌ڵام له‌سه‌ر ئاستی ده‌ره‌وه رژێمی به‌عسی هه‌موو شت ئه‌كات به قوربانی ته‌نانه‌ت به به‌ها روحیه‌كانی گه‌لی سوریاشه‌وه له‌سه‌ر حسابی پاریزگاریكردن له بارودۆخی خۆی وه‌ك رژێمێك . زۆر جاره‌وشمان بینی چۆن ئه‌م رژێمه گه‌لی سوریا ئه‌كات به‌قوربانی ته‌نیا له پێناو چه‌سپاندنی پێگه‌ی خۆی وه‌ك رژیمێك . بێگومان ئه‌توانیین بڵێین كه گه‌لی كورد له كوردستانی سوریا گیرۆده‌ی دووجۆر چه‌وسانه‌وه بووه به‌ده‌ست رژێمی به‌عسییه‌وه ، یه‌كه‌میان چه‌وساندنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌ییه سه‌ره‌ڕای ئه‌و چه‌وساندنه‌وه هاوبه‌شه‌ی كه‌وه‌ك هه‌ر توێژێكی دیكه‌ی گه‌لی سووریا دوچاری بووه . به‌ڵام ناوچه كوردییه‌كان نموونه‌یه‌كی تایبه‌ته – مه‌رسومی ژماره( ٤٩) ی تایبه‌ت به خانووبه‌ره سنورییه‌كان ره‌نگدانه‌وه‌یه‌كی ئه‌و سیاسه‌ته‌یه كه رژێم ده‌رهه‌ق به گه‌لی كورد په‌یڕه‌وی ئه‌كات و ئامانجیشی گشت گه‌لی سوریایه له‌ڕێی چاندنی تۆوی دووبه‌ره‌كییه‌وه له نێوان رۆڵه‌كانی گه‌لدا.

**ویفاق:** له كۆنگره‌كانی بزاڤی كوردا زۆر كه‌م ده‌بینین رێنمایی و هه‌ڵسه‌نگاندن سه‌باره‌ت به بارودۆخی ئابووری بكرێت ، ئایا كۆنگره‌كه‌تان گفتوگۆی ده‌رباره‌ی بارودۆخی ئابووری سوریا و كاریگه‌ریی له‌سه‌ر ژیانی گه‌لی سوریا كرد؟

**نشئه‌ت محه‌مه‌د:** له‌راستیدا كۆنگره به‌دوورودرێژی له بارودۆخی ئابووری كۆڵییه‌وه له‌و رووه‌وه كه سیاسه‌ت په‌یوه‌ندیی و كاریگه‌ری له‌سه‌ر ئابووری هه‌یه و به پێچه‌وانه‌شه‌وه .بێگومان گشت ئه‌وه ش به‌هۆی ده‌رخستنی ئه‌و ناڕوونییه‌ی كه رژێمی به‌عسی ئه‌یه‌وێت سه‌باره‌ت به زانیارییه ئابوورییه‌كان و گه‌شه‌كردنی ئابووری سوریا بڵاویان بكاته‌وه، ته‌نانه‌ت رێژه‌ی به‌فیڕۆدانی ئابووری و ئه‌و گه‌نده‌ڵییه‌ی كه گشت دامووده‌زگاكانی حكومه‌تی گرتۆته‌وه و له هه‌مو كاتێكیشدا قوربانییه‌كه هاوڵاتییه و ئه‌توانین هه‌ست به‌وه‌ش بكه‌ین له به‌رزبوونه‌وه‌ی رێژه‌ی بێكاری و كۆچبه‌ریی ناوخۆ و ده‌ره‌وه‌ی وڵاتدا ، هه‌روه‌ها به‌رزبوونه‌وه‌ی رێژه‌ی هه‌ژاری له‌سه‌ر حسابی له‌ناوچوونی چینی ناوه‌ند كه ئه‌وه‌ش بووه‌ته‌هۆی تێكچوونی هاوكێشه‌یی نێوان كۆمه‌ڵگه . بێگومان ئه‌م مه‌سه‌لانه كاریگه‌ری هه‌بووه و ئه‌یبێت له‌سه‌ر بارودۆخی كۆمه‌ڵایه‌تی و بڵاوبوونه‌وه‌ی به‌دره‌وشتی و گه‌نده‌ڵبوونی په‌یوه‌ندییه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان . بێگومان گشت ئه‌مانه‌ش له‌ڕێی پرۆگرامێكی ئاماده‌كراوه‌وه‌یه له‌لایه‌ن رژێمی سوریاوه كه هه‌روه‌ك پێشتر ئاماژه‌مان بۆكرد گشت ئه‌وانه‌ش به به‌رژه‌وه‌ندیی خۆی كۆتاییان دێت. بێگومان كۆنگره كۆمه‌ڵێك خواستی له رژێمی به‌عسی داوا كردووه كه ده‌شێت به‌شداری بكات له گێڕانه‌وه‌ی ئابووری سوریا بۆ باری دروستی خۆی له‌وانه‌ش بۆ نموونه په‌یڕه‌وكردنی روونی ( الشفافیه) له ده‌زگاكانی ده‌وڵه‌تدا تاوه‌كو گه‌لی سوریا بتوانێت به‌شداری بكات له چاككردنه‌وه‌ی هه‌رچییه‌ك كه رژێم وێرانی كردووه ، هه‌روه‌ها به‌تایبه‌تكردنی كه‌رتی گشتی كه بووه‌ته‌هۆی بارگرانی له‌سه‌ر ئه‌ستۆی ئابووریی ولات ، هه‌روه‌ها چاوخشاندنه‌وه به‌و گشت كارمه‌ندانه‌دا كه رێژه‌یه‌كی گه‌لێك گه‌وره‌یان پێكهێناوه له بێكاری شاراوه له سوریا .

**ویفاق:** چۆن بارودۆخی بزاڤی كورد هه‌ڵئه‌سه‌نگێنن له كوردستانی سوریادا و هه‌ڵوێستتان چۆنه سه‌باره‌ت به‌وپێشهاتانه‌ی رووده‌ده‌ن به‌تایبه‌تی له‌دوای ئه‌و جیاكردنه‌وه سروشتییه‌ی كه له‌م دواییه‌دا راگه‌یه‌ندرا؟

**نشئه‌ت محه‌مه‌د:** له‌و ماوه‌یه‌ی رابوردوودا هه‌وڵه‌كانی رژێمی سوریا بۆ ئه‌وه بوو كه بزاڤی كورد و ئۆپۆزیسیۆن به گشتی بخاته ئه‌و دۆخه‌ی كه پێی ده‌وترێت دیفاكتۆ له‌ڕێی راپێچكردنی سه‌ركرده‌كانی بزاڤه‌كه بۆ زیندانه‌كان و وگوشار خستنه‌سه‌ریان بۆ وازهێنان له خه‌بات ، ئه‌م مه‌سه‌له‌یه كاریگه‌ری هه‌بوو له‌سه‌ر چالاكیی بزاڤه‌كه و له‌سه‌ر پرۆسه‌ی سیاسی به شێوه‌یه‌كی گشتی ، به‌ڵام ئێمه سوورین له‌سه‌ر به‌رده‌وامبوون له‌سه‌ر كاری سیاسی و ئاشكراكردنی سیاسه‌ته‌كانی رژێمی سوریا . سه‌باره‌ت به پێشهاته‌كانی ناو بزاڤی كورد و راگه‌یاندنی ئه‌نجومه‌نی سیاسی ، هاوته‌بایی پێی وایه كه ئه‌وه هه‌نگاوێكی راسته و ده‌شێت سه‌ركه‌وتوویی خۆی بسه‌لمێنێت به‌تایبه‌تی له‌ڕێی به‌دواچوونی دروسته‌وه كه ره‌نگدانه‌وه‌یه‌كی ئه‌رێنی ده‌بێت له‌سه‌ر گه‌لی كورد به‌تایبه‌ت و گه‌لی سوریا به گشتی. بێگومان بۆ یه‌كه‌مجار كۆمه‌ڵێك بۆچوونی سیاسی له‌ژێر یه‌ك چه‌تردا كۆبوونه‌وه كه یه‌ك ئامانجی هاوبه‌ش یه‌كیان ده‌خات ئه‌ویش تێڕوانینی مه‌سه‌له‌ی كورده وه‌ك مه‌سه‌له‌ی خاك و گه‌ل . بێگومان ئێمه له هاوته‌بایی وای بۆ ده‌چین كه ئه‌نجومه‌نه‌كه به‌هێزتر ئه‌بێت له‌ڕێی والاكردنی ده‌رگاوه له‌به‌رده‌م ئه‌وانه‌ی كه دێنه ریزه‌كانیه‌وه جا ئه‌وانه لایه‌نه سیاسییه‌كان بن یان رێكخراوه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نی یاخود كه‌سایه‌تییه سه‌ربه‌خۆكان ، گشت ئه‌وه‌ش له‌پێناو یه‌كخستنی هه‌وڵه‌كان بۆ گه‌یشتن به ئه‌نجومه‌نێكی نیشتمانیی كورد كه هه‌وڵه‌كانی چاره‌سه‌ركردنی مه‌سه‌له‌ی كورد وه‌ك كیشه‌ی خاك و گه‌ل پته‌وتر ئه‌كات.

**ویفاق:** هۆی چی بوو وای كرد كۆنگره‌كه‌تان ناوی حیزب بگۆڕێت؟

**نشئه‌ت محه‌مه‌د:** بێگومان شایانی گوتنه كه ئێمه له كۆنگره‌ی دووه‌مدا هه‌ولماندا بگه‌ینه ئه‌و داڕشتنه‌ی ئێستا بۆ ناوه‌كه‌ی له‌و بڕوایه‌مانه‌وه كه ناوی كوردستان له چه‌ند سه‌ده‌یه‌ك له‌مه‌وبه‌ره‌وه له‌لایه‌ن گه‌لانی ناوچه‌كه‌وه ناسراوه و زاره‌وه‌ی كوردستانیش ناوچه‌یه‌كی جوگرافییه وه‌ك ناوی پارچه‌زه‌وییه‌ك كه كوردان له هه‌زاران ساڵه‌وه له‌سه‌ری نیشته‌جێن و خاكی مێژوویی خۆیانه . ئێمه له رێكه‌وتن (هاوته‌بایی) پێمان وایه كه پێویسته گونجان هه‌بێت له نێوان ئه‌و ته‌رحه سیاسیه‌ی كه بانگه‌شه‌ی بۆ ده‌كه‌ین كه ئه‌ویش ئۆتۆنۆمییه بۆ كوردستانی سوریا و روانین له مه‌سه‌له‌ی كورد وه‌ك مه‌سه‌له‌ی خاك و گه‌ل و مێژوو له‌گه‌ڵ ئه‌و ناوه‌دا كه‌هه‌ڵمانبژاردووه ئه‌وه‌ش بۆ جه‌ختكردن له‌سه‌ر كوردستانێتی ئه‌و ناوچانه‌ی ئۆتۆنۆمی بۆیه به تێكرای ده‌نگ بڕیاردرا له‌سه‌ر ناوی " حیزبی ڕێكه‌وتنی دیموكراتی كوردستان– سوریا ".

**ویفاق:** په‌یامی ئێوه و په‌یامی كۆنگره چییه بۆ گه‌لی كورد له كوردستانی سوریا و بۆ گشت پێكهاته‌كانی گه‌لی سوریا؟

**نشئه‌ت محه‌مه‌د:** ئێمه له ڕێكه‌وتن ( هاوته‌بایی) سوپاسمان پێشكه‌ش به گشت ئه‌و كه‌سانه ئه‌كه‌ین كه به‌شدارییان كردووه له له گه‌یاندنی ڕێكه‌وتن به‌م رۆژه و به‌ڵێن به گه‌لی كورد ئه‌ده‌ین كه به‌رده‌وام بین له‌سه‌ر ئه‌و ڕێبازه‌ی كه ده‌ستمان پێكردوه و داوا له‌گشت ئه‌و كه‌سانه ئه‌كه‌ین كه له خه‌باتكردن دووركه‌وتوونه‌ته‌وه به‌هۆی ئه‌و كۆسپانه‌وه كه هاتنه ڕێی ڕێكه‌وتن له‌ماوه‌ی پێشوودا بگه‌ڕێنه‌وه به‌رده‌وام بن له ره‌وتی كاروانه‌كه‌داو جه‌خت له‌سه‌ر ئه‌وه‌ده‌كه‌ینه‌وه كه ڕێكه‌وتن خۆی له‌گشت تڵپه و هه‌ڵه‌كان رزگار كردووه كه ڕێگر بوون له‌به‌رده‌م به‌كارهێنانی زۆرترین توانای مرۆیی بۆ خزمه‌تكردنی مه‌سه‌له‌ی كورد. هه‌روه‌ها ئێمه جه‌خت له‌سه‌ر ئه‌وه ئه‌كه‌ینه‌وه كه سوورین له‌سه‌ر دۆزینه‌وه‌ی چاره‌سه‌رێكی دیموكراتی ئاشتیخوازانه بۆ مه‌سه‌له‌ی كورد له سوریا و داوامان له گشت لایه‌نه سیاسییه‌كان و جه‌ماوه‌ری كورد ئه‌وه‌یه كه تواناكانیان بخه‌نه گه‌ڕ بۆ ئه‌وه‌ی به‌خێرایی ئاواته‌كان بێنه‌دی ، هه‌روه‌ها جه‌خت له‌سه‌ر ئه‌وه ئه‌كه‌ین كه چاره‌سه‌ركردنی مه‌سه‌له‌ی كورد جیانابێته‌وه له چاره‌سه‌ركردنی گشت ئه‌و كۆسپانه‌ی كه ڕێگرن له‌به‌رده‌م گه‌یشتن به سوریایه‌كی دیموكراتی فره‌یی له‌ڕێی یه‌كگرتنی گشت توێژه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ی سوریا كه ئه‌وه‌ش به به‌رژه‌وه‌ندی گشت رۆڵه‌كانی نیشتمان ئه‌شكێته‌وه.

